سەماحەتی حەکیم لەگەڵ وەزیری پلاندانان ئەکتیڤکردنی پرۆژە تەواو نەکراوەکان تاوتوێ دەکات و داوای پشتگیری ستافەکانی کارگەی دەوڵەت دەکات



لە ڕۆژی شەممە بەروارى 2022-12-17 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی لەگەڵ بەڕێز محەمەد حەکیم جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری پلاندانان بابەتی پرۆژە تەواو نەکراوەکان و چۆنیەتی ئەکتیڤکردنی و پشتگیری ستافەکانی کارگەی عەراق و هەروەها بابەتی پشتگیری کادیرانی حکومی و توندوتۆکردنی چاودێری لەڕێگای کۆنترۆڵکردنی کوالیتی تاوتوێ کرد.

سەماحەتی حەکیم لەو دیدارەی جەختی کردەوە لەسەر گرنگی جووڵەکردن بە بە ئەنجامدانی پرۆژە تەواو نەکراوەکان و ئەو پرۆژانەی کارکانیان بە سستی بەڕێوە دەچێت، هەروەها داوای کرد گرنگی بەتەواو کردنی ئەو پرۆژانە بدرێت کە بە ڕێژەیەکی باش کارکانیان بەڕێوەچووە و بکرێتە سەرووی کارکان، هەروەها داوای کرد نەرم و نیانی زیاتر لە شێوازی بەڕێوەچوونی کارکان پەیڕەوی بکریت و پلاندانان لە نێوان سەرجەم دامودەزگاکان و حکومەتە ناوخۆییەکان هەبێت و ڕێتین کەمبکرێتەوە و سیستەمی حوکمە بەرقەرار بێت.

سەماحەتی بە گرنگی باسی سەرژمێرکردنی دانیشتوانی کرد و ئاماژەی کرد کە سەرژمێرکردن تەنها هەژمارکردن نییە، بەڵکو بنکەیەکی بەیانات و زانیارییە لەسەر گەلی عەراق بە وادەیەکی دیاری کراو، گوتیشی هەر کارێکی پلاندانان پێویستی بە سەرژمێرکردنێکی ورد و بنکەیەکی زانیاری دروست هەیە.

لەکۆتاییدا، سەماحەتی پشتگیری ستافەکانی کارگەی لەڕێگای خولی خەست و بەردەوام لە بوارەکانی زانیاری و تەکنەلۆژی بە پێویست و مەرجێکی سەرەکی بە چەسپاندنی حوکمە لەقەڵەمدا، هەروەها داواشی کرد کە کۆنترۆڵی جێری و کوالیتی لە دەروازە سنوورییەکان باشتر بکرێت و ڕێگا بە هاتنە ناوەوەی کەل و پەلی خراپ نەدرێت.